The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

**با هەموو هەوڵەکان یەکخەین بۆ شەرمەزارکردنی بوونی زیندانی حیزبی و نهێنی لە کوردستان**

بەگوێرەی سەرچاوەیەك نزیك لە د. کەماڵ سەید قادرەوە، کە پەیوەندی پێمانەوە کردووە، بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە، ناوبراو 5 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە، و دۆزی تەندروستی باش نییە، داواکارین لە ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان فریای بکەون.
دیارە بە لای ئێمەوە ئەم دۆزە پەیوەندی بە کەسێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکە داکۆکییە لە مافی مرۆڤ و دژایەتی کردنی بوونی زیندانی نهێنی و حیزبی و نەبوونی دادگای ئازاد لە کوردستان.

بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێك بخرێتە گەڕ لە پێناو:
–تێکشکاندنی دەرگای زیندانە حیزبی و نهێنییەکانی کوردستان، لە پێشیانەوە هەردوو زیندانی شوومی ئاکرێ و قەڵاچۆلان، دەبێت ئەم زیندانانە لە قاوبدرێن، وەك مۆڵگای سەرکوت و ئیستبداد لە کوردستان بناسرێن.
–نابێت هیچ مرۆڤێك بە بێ دەستنیشانکردنی تاوانەکانی زیاتر لە 48 کاتژمێر لە زینداندا بمێنێتەوە.
–سستەمی دادوەری دەبێت لە پاشکۆیەتی دەسەڵاتی کوردی بێتە دەر، بێ بوونی دادگای سەربەخۆ و بێلایەن دیموکراسییەت زامن ناکرێت لە کوردستان.
داوا لە هەموو جەماوەری کوردستان، کۆڕو کۆمەڵەو لایەنە سیاسییەکان دەکەین، بە دووی بانگەوازەکەمانەوە بێن، بۆ بەدەست هێنانی ئەم داخوازییانە.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد- چاك
2005-11-23